


# سیاسەتی دەرەوەی
# پارتی دادو پەرەپێدانی تورکیا
# ٢٠٠٢-٢٠١٦

**بەهرۆز جەعفەر**
**ماستەر لەبواری پەیوەندیی نێودەوڵەتاندا**
**لەزانکۆینێرئیست لە قوبرس**

کۆتایی هاتنی جەنگی سارد، سەرەتای گۆڕانێکی گەورە بوو لە تورکیادا، هەر لەگەڵ ڕووخانی یەکێتیی سۆڤیەتدا هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ کەوتە سەر ئاسایشی تورکیا، بەتایبەت کە لە ناتۆ دا ئەندامیش بوو ، هاوکات دەوڵەتی تازەی جۆراو جۆر لە ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز و ناوچەی دەریای ڕەش و بولقان سەریانهەڵدا. بەم پێودانگەش گۆڕان لە هەموو تورکیا بەتایبەتی لە سیاسەتی دەرەوەیدا ڕوویدا، کە دواجار دەرفەتی تازەی بۆ تورکیا خستە گەڕ، وەکو هێزێکی مامناوەند لەناوچەکەدا کرانەوەو ئازادیی زیاتر بەدەستبهێنێت لە چوارچێوەی سیاسەتی دەرەوەیدا، سەرکردایەتی ئەو وەرچەرخانە دەرەکیەش لەسەروبەندی جەنگی سارددا، لەلایەن ئابوریزانەکانی پێشوو لە بانکی دوەلی بوو، هەروەها تورگوت ئۆزاڵ "سەرەتا وەك سەرۆك وەزیران لەساڵی ١٩٨٣ بۆ ١٩٨٩ پاشانیش وەك سەرۆك لە ١٩٨٧ ەوە تا کاتی مردنی لە ١٩٩٣دا.[١]

ئۆزاڵ، هەستا بە سەرەتایەك لە چاکسازیی ئابوریی لەسەر بنەمای لیبراڵیەتی نوێ، کەسێك بوو بە بیروباوەڕ لە ئیسلامیەکان نزیك بوو، بەڵام سەرسام بو بە " نیو- لیبرالیزم" کە مارگرێت تاتچەری سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا داهێنەریەتی. ئەمەش وایکردبوو کە خۆرئاواییەکان لە تورکیا نزیك

بنەوەو، ئۆزاڵ ببێتە سەرەتایەك، بۆ كردنەوەی دەرگای سەرمایەدارییو وەبەرهێنانی بیانی لە توركیا. هاوكات لەگەڵیشیدا ئۆزاڵ پرەنسیپی خەسخەسە كردنی داهێنا، كە گواستنەوەی ئەركە لە كەرتی گشتی یەوە بۆ كەرتی تایبەت [٢].

لەم دیدەوە، بەزەرورەتم زانی، سەبارەت بە پرسی بەجیهانیبونی سیاسەتی توركیو، پێداگرتن لەسەر دەمارو ڕیشاڵە بەهێزەكانی توركیا خۆی، خوێندنەوەیەكی مێژوویی وەسفی escriptive and HistoricalAnalysisبۆ سیاسەتی دەرەوەی ئاكپارتی لەماوەی ساڵانی ٢٠٠٢-٢٠١٦ بكەم.

## یەكەم: هاتنی ئاكپارتی ٢٠٠٢-٢٠١٠

### ١-١.هەلومەرجی نێوخۆیی بۆ گەیشتن بە دەستەڵات

**حزبی دادوگەشەپێدان** AdaletveKalkınmaPartisi: خۆی وەك حزبێكی دیموكرات- كۆنزێرڤات پۆلێن كردووە، كەباكگراوەندێكی ئیسلامی هەیە، ڕەتی ئەكاتەوە كە حزبێكی ئیسلامی وابێت دروشمە ئاینیەكان تێكەڵ بە سیاسەت بكات، بەڵكو لەجیاتی ئەوە حزبێكی مۆدێرنەو ڕەگێكی ئیسلامیانەی هەیە، سەرمایەدارییو بازاڕی كردووە بە بەرنامەی خۆی و تێدەكۆشێت بۆ ئەوەی توركیا بچێتە پاڵ یەكێتیی ئەوروپا [٣].

دادوگەشەپێدان لەلایەن ژمارەیەكی بەرفراوانی سیاسیی، بە بێ جیاوازی ڕەنگو دەنگو بیروباوەڕی سیاسییو ئاینی پێكهێنراوە، دروستبونەكەشی لە كاتێكدا بوە، كە بۆشاییەكی سیاسیی لەئارادا بووە، چونكە خەڵكو سیاسییەكانیش بڕوایان بە حزبەكانو پەرلەمان نەمابوو،كە پێشوتر كاریان تێدا كردبوو، لە ڕۆژگارێكدا كە باری ئابوری وڵات ڕۆژ بەدوای ڕۆژ خراپو خراپتر دەبوو، هەر ئەمەش پاڵی بە سیاسیەكانەوە نا كە هیچ نەبێت بنچینەیەكی گرنگ كۆیان بكاتەوە، ئەویش ڕزگاركردنی نیشتمان بوو لەو قەیرانە قووڵەی تێی كەوتووە، تا بەرەو ئاستی ڕەفاهیەتێكی ئابوریی ببەن.

بەدوای وەها سیاسەتێکی گەشەپێدانی بەردەوام بکەون، بە بێ ئەوەی لەگەڵ دامەزراوەی سەربازییدا بەیەکدا بکێشن. لێرەوە گرنگترین بنەماکانی کە حزبی دادوگەشەپێدان بەرگریی لێ ئەکات بریتی یە لەمانە:

١- پرەنسیپی کۆماریی مەرکەزیی یەکگرتوو، کە پشت ئەبەستێت بە بنەماکانی دیموکراتیەت و عیلمانیەت، دەوڵەتی مافە کۆمەڵایەتیەکان بێت .

٢- پرەنسیپی بەرجەستەکردنی دەرفەتی یەکسان بۆ هەموان و، دارشتنەوەی پەیوەندییەکی باش لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهان .

٣- پرەنسیپی زەمانی یەکسانی لە باج و دابەزاندنی باج و دابەشکردنی بەشێوەیەك کە لەگەڵ ژێرخانی کۆمەڵایەتی وڵاتدا بگونجێت.

٤- پرەنسیپی پێداگرتنی حزب لەسەر ڕەتکردنەوەی هەموو شێوەکانی ئەشکەنجەدان و تیرۆرو ئیهانەکردن [٤].

بێگومان سەرۆکی حزب خوێندنەوەی بۆ ئەوە کردووە، کە سیکۆلاریزم بابەتێکە لەرێگەدایەو، بەوەی کە دەوڵەت بێلایەنە لە ئاراستەکانی بیرکردنەوەو بیروباوەڕدا ،ئەمەش نیشاندانی وێنەیەکە لە زامنکردنی دیموکراتیەت.

لەبەرئەوەی ئاکپارتی لە تورکیا، تێکەڵەیەکە لە ٣ سێ تەیاری سەرەکی کە: حزبی فەزیلە خاوەنی دەستپێشخەرییەکەیەتی، باڵێکی نەتەوەییش کە لە حزبی بزوتنەوەی نەتەوەیی جیابونەتەوە، ئینجا باڵێکی لیبراڵی جیابوەوە لە حزبە لیبراڵە جیاوازەکان، هەریەکە لەم سێ پارچەیەش بەشێوەیەکی ڕانەگەیەنراو هەیمەنەی سوپاو سەربازیان بەسەر ژیانی سیاسیی و مەدەنییەوە ڕەتکردۆتەوە. هەروەها چەمکی دەوڵەتی دامودەزگایی "موئەسەساتی بون" کاراتر بکەن، لە بەرنامەکەیاندا پاشگەز نە بونەوە لە پرۆژەی چونەپاڵ یەکێتیی ئەوروپا، کەمکردنەوەی دەستەڵاتی سوپا لە بڕیارە سیاسیەکان بەهەند وەرئەگرن .

بۆیە توانییان خێرا قەناعەت بە هاوڵاتیان بکەن، لەلایەن هاونیشتمانیانیشەوە متمانەیەکی زۆریان پێدرا..بەوجۆرە حزبی دادوگەشەپێدان

لەهەڵبژاردنی نۆڤەمبەری ٢٠٠٢ سەرکەوتنێکی گەورەی تۆمارکرد، بردنەوەیەك کە بۆ ٣هەڵبژاردن بەدوای یەکدا تاکە حزب بێت زۆرینەی ڕەهای دەنگەکان بەدەست بهێنێت. بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا قەدەغەکرا کە ئەردۆگان ببێتە سەرۆکوەزیران، بەهۆی ئەوەی کە لەساڵی ١٩٩٤دا چیرۆکێکی خوێندۆتەوە کە ئینتیمای تەواوە بۆ ئیسلامیەکان، بۆیە عەبدوڵلا گویل پۆستی سەرۆکوەزیرانی وەرگرت، دواتر لەساڵی ٢٠٠٣ڕێککارییان لەدەستوری تورکیادا کرد، بەشێوەیەك ڕێگەیدا کە ئەردۆگان ببێتە سەرۆکوەزیران ...لە هەڵبژاردنی ٢٠٠٧دا حزبی دادوگەشەپێدان٤٧٪ ی دەنگەکانی بەدەستهێنا، ڕێژەی دەنگەکانی دابەزی بۆ٣٤١ کورسی پەرلەمانی .دووبارە ئەردۆگان یان ڕاسپارد کە حکومەت پێك بهێنێت و، پۆستی سەرۆك کۆماری تورکیاش بە عەبدوڵلا گویل سپێردرا[٥].

لەنیسانی٢٠٠٧ سوپای تورکیا لە ڕێگەی پێگەی ئەلیکترۆنیەوە ،حکومەتی تورکیای ئاگادارکردەوە لەو سیاسەتانەی گرتویەتیە بەر بۆ کەمکردنەوەی هەیمەنەی سوپا پەشیمان بێتەوە، حکومەت ئەم هەوڵەی بەهەڕەشەو سەرەتایەك بۆ کودەتا وەرگرت .بەتایبەت لەکاتێکدا کەجەماوەری حکومەت بەسەرکردایەتی ئاکپارتی لەزیادبوندابو،بەگشتی لەدوای بەیاننامەکەی سوپاوە، هەستیان کرد کەحزبەکە ئەبێتە قوربانی لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی دا، بۆیە دادگای دەستوری جەولەی یەکەمی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری لابرد..ئەم ڕووداوە بیرهێنانەوەی ساڵی ١٩٩٦بو، کە سوپا هەڕەشەی لە نەجمەدین ئەربەکان کرد و،بە بێ بەکارهێنانی هێز وایان لێکرد دەست لەکاربکێشێتەوە. بە زانینی ئەوەی کە دادوگەشەپێدان لەنێوان ٢٠٠٢-٢٠٠٧ سەرکەوتوو بووە لە فەراهەمکردنی ئارامیەکی ئابوریی و زیادکردنی گەشەی ئابوریی بەتێکڕای ٧٪ یسالانە[٦]. دەریش کەوت کە دەستەبژێرێکی ئابوریی بەتوانا پاڵپشتی ئاکپارتی ئەکەن. بۆیە پاڵپشتی کردنی جەماوەریی بۆ دادوگەشەپێدان زیاتر بوو لە ڕووبەڕووبونەوەی سوپادا.

لەگەڵ ئەمانەشدا، هێزەکانی سوپا پەنجەی تۆمەتیان لەسەر ئاکپارتی بو، بەوەی حزبێکە کار بۆ پشتگوێ خستنی عیلمانیەت ئەکات لە تورکیادا، بەڵام ئەمجارەیان دادگای دەستوری بڕیاریدا کە هەیمەنەی سوپا لەناو کاری مەدەنیدا دووربخاتەوەو، بڕیاری دەستگیرکردنی ژمارەیەك سەرکردەی سەربازیشی دا، کە نیەتیان هەبووە کودەتا بەسەر حکومەتدا بکەن. لەهەڵمەتێکدا پۆلیسی تورکیا: فەرماندەی پێشووی هێزە ئاسمانیەکانی تورکیا جەنەراڵ "ئیبراهیم فیرتینا-Ibrahim Fırtına" و، فەرماندەی پێشووی هێزە دەریاییەکانی تورکیا ئەدمیراڵی خانەنشینو" ئۆزدین ئورنیك -ÖzdenÖrnek" و ٣٤ ژەنەراڵی سەربازیی تر و، ٩٨ ئەفسەری دەستگیرکرد [٧].

### ١-٢.هەڵکشانی سیاسەتی دەرەوەی ئاکپارتی

لە ساڵی ٢٠٠٢ بەدواوە، لە سەردەستی حوکمڕانی پارتی دادوگەشەپێدان AKP سیاسەتی دەرەوەی تورکیا هێدی هێدی و پلە بە پلە بەرەو چالاکبون و بەرفراوانی چوو، بەردەوامبون لە سەر چالاکی و کارەکانی ئۆزاڵ ، هەر لەسەردەمی ئاکپارتی دا، تورکیا پێ بەپێ هەوڵی خۆی دا بۆ بەدەستهێنانی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەوروپا، ئەندامێتی خۆی لە ناتۆ دا کاراتر کرد. دروستکەرانی بڕیاری سیاسی جەختیان لە باری جیۆ-سیاسیی کردەوەو، گەڕانەوە بۆ خاڵەکانی قووڵایی ستراتیجی لەتورکیا، بەجۆرێك هەڵکەوتەکەی لە ناوەندی بولقان و قەوقاز، وە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دایە، وەك مەڵبەندێك بۆ پیاتێپەڕین و گواستنەوەی ووزە لە: ئاسیای ناوەڕاست، قەوقاز، ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.[٨].

لەبەرئەنجامی کارابونی زیاتری سیاسەتی دەرەوەی تورکیا، لەناوچەیەکی ئێجگار بەرفراواندا، تورکیا: پۆستی ئەمینداریی گشتی لە ڕێکخراوی کۆنگرەی ئیسلامی OICوەرگرت، سیفەتی چاودێری پێ سپێردرا لە جامیعەی عەرەبی..چووە پاڵ کۆمەڵەی G-20 وەك گەورەترین ڕووگەی ئابوریی جیهانی،

ئەندامێکی ناهەمیشەیی لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێو-دەوڵەتی بۆ دانرا، دانانی یاریدەدەری ئەمینداری گشتی لە پەیمانی ناتۆ لەلایەن تورکیاوە ، ئینجا لە ئەمینداریی گشتی ڕێکخراوی ئاسایش و هاریکاریی و گەشەپێدان OECD..ئەوسا هەوڵی بەدەستهێنانی کورسیەك لە سندوقی دراوی نێودەوڵەتی IMF و ئەنجومەنی جێبەجێکردن لە بانکی دەولی [9]. ئەمانە هەر لەسەرەتاوە هێشتا شەمەندەنەفەری پراکتیکیانەی سیاسەت نەکەوتبووە ڕێ، ناوی خوایان لەوە هێنابو کە ببنە سەرکردەی ئیقلیمی و، گوایە قووڵایی خۆیان خوێندۆتەوەو، تا لەئایندەدا ڕێبەرایەتی ڕۆژهەڵاتی ناوین بکەن. بابزانین وا دەرئەچێت؟!.

تەنانەت تورکیا لەماوەی ٢٠٠٢-٢٠٠٨ دا، سەرکەوتو بو لە کەمکردنەوەی دوودڵی و ڕاڕایی دراوسێکانی بەرانبەر خۆی، نزیکبونەوەی سیاسیی و ئابوریی بە کردار لەگەڵ : سوریا، ئێران، ڕووسیا، وە دووریش کەوتەوە لە کێبڕکێی جیۆسیاسیی و بەکارهێنانی پێگەکەی بۆ دژایەتی ئەوانی تر.سیاسەتێکی واقیعی بەکارهێنا لەپێناوی مەسەلەی قوبرسدا، مامەڵەیەکی گونجاوی لەگەڵ قەزیەی ئەرمەنی دا کرد، هەنگاوی نا بۆ باشترکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ یۆنان، کۆششێکی دیبلۆماتی دەستپێکرد بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی سوریاو ئیسرائیل، وە فەلەستین و ئیسرائیل، تا دواتر تورکیا خۆی پەیوەندییەکانی تێکچوو لەگەڵ ئیسرائیل لە ٢٠٠٩ دا [١٠].

### ١-٢-١. ڕۆڵی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا لەگەشەسەندنی سیاسەتی تورکیادا

هەرچی ڕۆڵی ئەمریکایە، بونێکی گرنگ و مێژوویيە لەناوچەکەدا، پەیوەندیی ویلایەتە یەکگرتوەکان لەگەڵ ئیسرائیل پەیوەندییەکی مێژووییە،پەیوەندیی ئەمریکا و تورکیاش ئەگەڕێتەوە بۆ دوای جەنگی سارد لە ١٩٤٥ ەوە دەست پێ ئەکات، کە تەماسێکی توندی ئابوریی و سیاسیی و ئەمنی لەنێوانیاندا هەبووە، بەلای ئەمریکاوە تورکیا دۆستێکی ستراتیجییە و ئەتوانێت لەناوچەکەدا ڕۆڵی گرنگ بگێڕێت، هەم لە ماوەی جەنگی سارد و، دواتریش لە ململانێ نوێیەکانی لەگەڵ ڕووسیا، هەم لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا تورکیاو ئیسرائیل دوو هاوپەیمانی گرنگی ویلایەتە یەکگرتوەکانن . نەك ئیمڕۆکە بەڵکو لە بیستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، ئەمریکا هەوڵی هاوپەیمانێتی لەگەڵ تورکیا هەیە بۆ ڕێکخستنی هەژمونی بەریتانی لەناوچەکەدا، لەو سۆنگەیەی کە بایەخێکی جیۆ-ستراتیجی بۆ بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا هەیە لە نیشتمانی عەرەبیدا.

سەرباری ئەوەشی، تورکیا تاکە دەوڵەتی ئیسلامییە،کە ئەندامە لەپەیمانی باکوری ئەتڵەسی ناتۆ و سنوری لەگەڵ جیهانی عەرەبدا هەیە،بەشێکی گرنگیشە لە سیستەمی خۆرهەڵاتی کە ئەمریکاو ئیسرائیل بەرژەوەندییان لەدروستکردنەوەیدا هەیە.لەبەر ڕۆشنایی هەموو ئەمانەدا،ئەبینین ئەجێندەی پەیوەندیی ئەمریکی – تورکی لەدەوری چەند خاڵێکی گرنگ ئەخولێتەوە:

١- دروستکردنی هێڵێکی بەرگریی لەبەرەی پێشەوە بۆ ڕووبەڕووبونەوەی سۆڤیەت.

٢- هەستکردنی پێشوەختەو خوێندنەوەی وورد بۆ بایەخی ڕۆڵی تورکیا لەناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

٣- توركیا خۆی ویستی هەیە پارێزگاری لە بارودۆخی نێودەوڵەی بکات کە ئارامییە لەدوای جەنگی جیهانی دووەمەوە.

٤- سوود وەرگرتن لە پێگەی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا بۆ چوونە پاڵ یەکێتیی ئەوروپا.

٥- ویلایەتە یەکگرتوەکان باوەڕی بەوە هەیە کە توركیا ببێتە ئەندام لە یەکێتی ئەوروپا ،وە زۆر کاری سیاسیی تایبەتی کردووە لەو بارەیەوە.

٦- توركیا ئەخوازێت هاوکاری سەربازیی و ئابوریی لە ویلایەتە یەکگرتوەکان وە دەستبهێنێت .

٧- توركیا پێویستی بە دروستکردنی سوپایەکی بەهێز و ڕاهێنراوی باشە، بۆ ڕووبەڕووبونەوەی مەترسییە دەرەکییەکان ،بەتایبەتی وڵاتانی دراوسێ.

٨- توركیا "بەتایبەت لە قۆناغە هەستیارەکان" دا بۆ تێپەڕاندنی قەیرانەکانی ،پێویستی بە هاوپەیمانێتی هەیە لەگەڵ ئیسرائیل تا لە ڕێگەی ئیسرائیل و لەدەرگای پشتەوە بچێت بۆ ماڵی ئەمریکا [١١].

جگە لەمانەش،ویلایەتە یەکگرتوەکان تەمویلی ماددیی بەشێکی زۆر لەتێچووی تازەکردنەوەی فڕۆکەکانی توركیای کردووە، کە لە ڕێککەوتنی ساڵی ١٩٩٦ دا لەگەڵ ئیسرائیل کردویەتی. ئەمریکا بەشداری زۆری لە مانۆری سەربازیی توركی – ئیسرائیلی دا کردووە، وەکو مناوەراتی ساڵی١٩٩٩ ، مناوەراتی کانونی دووەمی٢٠٠١ لە دەریای سپی ناوەڕاست، مانۆراتی حوزەیرانی ٢٠٠١ و، مناوەراتی ئابی ٢٠٠٧.هەربۆیەش ئەمریکا دوای گەشەسەندنی پەیوەندییەکانی توركیاو ئیسرائیل، بۆ زامنکردنی پەیوەندییە لە بەرژەوەندیی خۆی،کەسێکی یەهودی ئەمریکی ئەکاتە باڵیۆزی خۆی لە ئەنقەرە، بەو پێیەی سەفیرێکی جولەکە باشتر ئەزانێت پێداویستیەکانی ئیسرائیل لە ئەنقەرە چۆنن و چین [١٢].

"بەم مانایانەش، ئەتوانین بڵێین: پەیوەندیی ئەمریکی– توركی ،ڕاستەوخۆ گرێدراوە بە پەیوەندیی توركی– ئیسرائیلییەوە. ڕاڕایی و ساردبونەوەی

پەیوەندیی لە نێوان تورکیاو ئیسرائیلدا، ڕاستەوخۆ ساردبونەوەو ڕاڕاییە لە پەیوەندییەکانی ئەمریکاو تورکیادا. چونکە لۆبی سەهیۆنی ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لە دروستکردنی پەیوەندییەکانی ئەمریکاو تورکیادا، یەکێك لە هەرە هۆکارە سەرەکییەکانی قەلەقی ئیسرائیل بەرانبەر تورکیای ئەردۆگانی ئەوەیە، کە پێش هاتنی ئاکپارتی سەفەقاتی هەرە گەورەی ئەمنی و سەربازیی لەنێوانیاندا بووە!. ".

جیاوازییەکانی نێوان تورکیاو ئەمریکا، دوای هاتنی حزبی دادوگەشەپێدان لە ٢٠٠٢ بۆ دەستەڵات سەریهەڵدا، کاتێك کۆنگرێسی ئەمریکا ڕەزامەندی نیشاندا کە هێزەکانی ئەمریکا لەخاکی تورکیاوە هێرش بکەنە سەر عێراق، بۆ ڕووخاندنی ڕژێمەکەی سەدام حوسەین لە ٢٠٠٣ لەگەڵ ئەوەی ئەردۆگان وەك کەسی یەکەمی حزبی دادوگەشەپێدان حەزیدەکرد ئەمە ڕووبات، بەڵام پەرلەمانی تورکیا بە زۆرینەی دەنگ ڕەتی کردەوە ڕێگە بە هێز و بنکەکانی ئەمریکا بدات لەخاکەیەوە هێرش بکەنە سەر عێراق ..!.

ئایا جێگەی پرسیار نییە،کە ئاکپارتییەك ٥ مانگ بێت،هاتبێتە سەر حوکم، ڕێگە بە بڕیارێکی چارەنوسسازی کۆنگرێسی ئەمریکا بگرێت ؟. دواتر لە بەرانبەر پێدانی ١ ملیار دۆلاردا تورکیا کارئاسانی بۆ هێزەکانی هاوپەیمانان کرد، بەو مەرجەی ڕێگەنەدەن پرسی کورد لە باکوری عێراق دوای ڕووخانی سەدام گەشە بکات.

بەگشتی، ئاکپارتی لەدوای هاتنی بۆ سەر حوکم، دەستی دایە ڕێچکەیەك لەسیاسەتکردن، کە پلە بە پلە کاریگەریی ویلایەتە یەکگرتوەکان کەمبکاتەوە، بەبۆنەی کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی وڵاتانی دراوسێ لە ڕووی جوگرافیەوە، وەزیری دەرەوەی تورکیا "عەبدوڵلا گویل" لە ١٤ی شوباتی ٢٠٠٤ سەردانی کوەیتی کرد،بۆچی .؟. بۆ پێکهێنانی کۆمیتەیەکی ئەمنی و ئابوریی و سیاسی لەسەر شێوەی یەکێتیی ئەوروپا، هەموو وڵاتانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چوارچێوەی یەکێتیی ڕۆژهەڵاتیی ناوەڕاستدا، وەك

ئەلتەرنالتیڤێك بۆ پرۆژەی ئەمریكی لە خۆرهەلاتی ناوەڕاست، كە ئەمریكا لە دوای ١١ ی سێپتەمبەر ەوە دەستی دابویە[١٣].

**١-٣.ستراتیژی سەرە سێگۆشە**

پرۆفیسۆر د. ئەحمەد داود ئۆغلۆ لە كتێبی " قولایی ستراتیژی" دا، نوسیویەتی :" توركیا لەڕابردووشدا یاریزانێكی نێودەولەتی گەورەبووە،بەلام بەخۆی نەزانیوە كە خاوەنی: دەمارێكی بەهێزەو،ماعیدەیەكی لاوازی هەیە،لەگەلْ ئەمەشدا دلی كێشەی هەیە و دەماغیشی مامناوەندە[١٤].بەواتایەكی تر سوپایەكی بەهێز و ئابورییەكی لاوازیی هەیە، بەلام متمانەی بەخۆی لەدەستداوە، وە بیركردنەوەی ستراتیجیشی باش نەبوە.

لەدوای ئەمە دەبینین، توركیا جگە لەوەی نێوەندگیریی " وەساتەت" ی جۆرجیا و ڕوسیا لەلایەك و، سوریاو ئیسرائیلی لەلایەكی ترەوە كردووە " لەسەردەستی داود ئۆغلۆ " . لەسەرەتای هاتنی ئاكپارتییەوە توركیا بۆخۆی بەدوای پەیڕەوكردنی ستراتیژییەتی سەرە سێگۆشە كەوت. كە بۆهاتنە سەر دەستەلاتی دادو گەشەپێدان لە سالی ٢٠٠٢ پلانیان بۆ دانابوو، كە پشت دەبەستێت بە ٣ ئامانجی سەرەكی :

یەكەم: ئاشتیی ناوخۆیی "پەیوەندی بە پەكەكەوە هەیە".

دوووەم: شەرعیەتی ناوچەیی.

سێهەم : پەیوەندیی و یارمەتی و تەماسگرتن لەگەلْ ئەوروپاو ئەمریكا[١٥].

بە پوختی: حزبی دادوگەشەپێدان لەماوەی٢٠٠٢-٢٠٠٨ دا، سەركەوتوو بو لەوەی كە لەژێر عەبای حزبی ئیسلامی سیاسیی هاتەدەر، كە پێشووتر میتۆدێكی ئەربەكانی بو، ڕێبازێكی تازەی بۆ خۆی دیاریكرد لە مامەلەكردن لەتەك واقعێكی تازەدا، كە ئەمە ئەو تورەییە بو، حزبە ئیسلامیەكان لەسەرووی هەموویانەوە ئەربەكان دژی بون لەلایەك، وە دامودەستگای عیلمانی سەربازیی لەلایەكی تر دژی بون.لەگەلْ هەموو ئەو كۆسپ و تەگەرانەی ڕووبەڕووی دادوگەشەپێدان بۆیەوە، توانی ئاستێكی باش لە

گەشەپێدان بۆ وڵاتەکەیان فەراهەم بکەن، گرنگترینیان گەشەی ئابووریی بو، جێبەجێ نەکردنی مافە ڕەواکانی کوردی لێ دەربکەین، کە وەك پێویست نەیانتوانی پرسە مێژووییەکە چارەسەر بکەن ، بەگشتی توانییان ئازادییەکانیش لەو ماوەیەدا بەرجەستە بکەن، هەروەها توانییان چاکسازیی دەستووریی ئەنجام بدەن، کە گرنگترین پرسێك بو، هاونیشتمانی تورکی کرد بەخاوەن بڕیار .

هەروەکو سیاسەتی " قووڵایی ستراتیجی" و سفرکردنەوەی کێشەکان لەگەڵ دەوروبەر،وە سیاسەتی فرە ڕەهەندی کە حکومەتی تورکیا کاری لەسەر کرد بۆ ئیحتیواکردنی ناوچەکەو ویلایەتە یەکگرتەکان، هێزی حزبەکەی لەناوخۆی تورکیادا زیاتر کرد لە ڕووبەڕووبونەوەی سوپای عیلمانی تورکیادا،توانییان سەرکەوتوانە بەرەبەرە دەستەڵاتی سوپا کەم بکەنەوە. بەگشتی لەماوەی ٢٠٠٢-٢٠٠٨ دا پارتی دادوگەشەپێدان حزبێکی باوەڕپێکراوی ناوخۆیی و ئیقلیمی و جیهانی بو، متمانەیەکی زۆری لەسەر هەڵچنرابو لە ئاستی ناوخۆی تورکیادا .

## ١-٣-١. ئاکپارتی و قەیرانی دارایی لە تورکیا ٢٠٠٢-٢٠١٠

سەردەمی حکومەتی ئاکپارتی بەدیوێکی تریدا، سەردەمی ئاشتی نێوخۆییە، کە ئەویش خۆی لە پرۆسەی ئاشتی دا ئەبینێتەوە لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستاندا، ئاشکرایە ئەگەر هەر وڵاتێك لەشەڕدا بێت، لەگەڵ وەها گروپێکی نەتەوەیی کە هەقی مێژوویان لای تورکیایە، ناتوانێت گەشەکردنی ئابووریی بەخۆیەوە ببینێت. بەمشێوەیە تورکیا لەسەردەمی ئاکپارتی دا ئەگەر ناسنامەیەکی هەبێت، بریتی لە بوژانەوەی ئابووریی و خولْقاندنی موعجیزەیەکی ئابووریی.

قەیرانی ئابووریی تورکیا لەماوەی ١٩٨٠- ٢٠٠٤: گەورەترین قەیرانێکە کە مێژوو لەدوای دووەم جەنگی جیهانییەوە تا ئەوکاتە بەخۆیەوە بینیویەتی،

لیرەی تورکی لە ۲۰۰٤ دا بەرێژەی ٤٠٪ لەئاست دۆلاری ئەمریکیدا هێزی خۆی لەدەستدابو، قەرزە دەرەکیەکانی تورکیا لەساڵی ۱۹۸۰ دا ۷,۱٥ ملیار دۆلار بووە، بە سووی ساڵانەی ۱ ملیار دۆلارەوە کە ئەچێتە سەری،لەساڵی ۱۹۹۹ دا قەرزەکە ۱۰۰ ملیار تێئەپەڕێنێت، بەسووی ساڵانەی ٥ ملیاریشەوە کە ئەچێتەسەری. لەسەرووی هەموو ئەمانەشەوە ئەو قەرزانە کە کراون هیچیان بۆ ژێرخان و پرۆژەی خزمەتگوزاریی بەکار نەهێنراون. ئینجا قەرزە ناوخۆییەکانی تورکیا لەساڵی ۱۹۸۰ دا ۹,۷ حەوت ملیارو نۆسەت ملیۆن دۆلار بووە، لە ساڵی ۱۹۹۹ دا گەیشتبووە٦,٦۳ ملیار دۆلار...بەپێی ئابوریزانە تورکەکان: تورکیا لەسەرەتای ساڵی ۲۰۰۰ دا بڕی ٤۲۷ ملیار دۆلار قەرزار بووە، لەکاتێکدا بەهەموو هەوڵی خۆی ئەوسا توانیویەتی ساڵانە۱۲-۱٥ ملیار دۆلار قەرز لەبانکی نێودەوڵەتی و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی وەربگرێت [١٦].

لەماوەیەکی دیاریکراودا، حزبی دادوگەشەپێدان هەنگاوی سەرکەوتوانەی نا بە ئاڕاستەی چارەسەرکردنی قەیرانی ئابوریی،بەنموونە: هەناردەکردن لە تورکیاوە لەساڵی ۲۰۰۲ بایی ۳٦ ملیاربووە، لە ۲۰۱۰ەدا چووە ۱۰۲ ملیار دۆلار، داهاتی قەومی تورکیا لە ۲۲۰ ملیاری ساڵی ۲۰۰۲ەوە گەیشتە ٦۱۸ ملیار لە ساڵی ۲۰۱۰ ، تورکیا بووە شەشەمین وڵاتی ئابوریی گەورە لەئاستی ئەوروپادا، داهاتی تاکە کەش لەساڵی ۲۰۰۲ تەنها ۳٥۰۰ دۆلار بو، لە ۲۰۱۰ دا بو بە ۸٥۹۰ دۆلار . هەرئەمەش وایکرد، کە لەهەڵبژاردنی ساڵی۲۰۰۷ دا ٤۲,٥۳۲ چل ودوو ملیۆن و پێنج سەت و سی و دوو هەزار دەنگدەری هەبێت لەکۆی ۷٤ ملیۆن دەنگدەر لە ۱٥۸۷۰۰ ناوەندی دەنگداندا، بە بەشداری ۱٤ حزبی سیاسیی و، لیستی سەربەخۆ،پێشبڕکێ بۆ ٥٥۰ کورسی پەرلەمانی ئەکەن،کە ۷۳۹۳ پاڵیوراو هەبوەو لەناویاندا ٦۹۹ یان سەربەخۆ بون. سەرئەنجام حزبی دادوگەشەپێدان ۳٤۱ کورسیی پەرلەمانی بەدەست ئەهێنێت[١٧].

## دووەم: سیاسەتی دەرەوەی تورکیا لەماوەی نێوان ٢٠١٠-بۆ ئایاری ٢٠١٦

بەشێکی زۆر لە توێژەران و ناوەندەکانی بیرکردنەوە، ماوەی سەرکەوتنی پلە بەپلەی سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی ئاکپارتی بە ماوەی نێوان ساڵی ٢٠٠٢-٢٠١٤ دائەنێن و، دوای ئەوە هێدی هێدی گلۆڵەی حوکمڕانی ئابوریی و دیبلۆماسی و پێکەوەژیانی نێوخۆیی کەوتۆتە لێژی، تا ئەوەی تورکیا بەسەرکردایەتی "ڕەجەب تەیب ئەردۆگان" لەساڵی ٢٠١٦ دا قەیرانەکانی لە ژمارە نەیەن..بەڵام بەپێچەوانەوە ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەماندا، سەرەتای داکشانی سیاسەتی دادوگەشەپێدان بەگشتی ئەگەڕێنینەوە بۆ ساڵی ٢٠١٠ و، ئەیکەین بەسەرەتایەك بۆ قەیرانە گەورەکانی کە دوور نییە لە کۆتایی ٢٠١٦ دا سەری "ئەردۆگان" بخوات و، تورکیاش بکاتە گۆڕەپانێکی گەورەی ململانێی نێوخۆیی و دەرەکی.

سیاسەتی دەرەوەی تورکیا بەوە ناسراوە، هەمیشە ئەگەر و ئامادەگی ئەوەی هەیە شۆك لێی بدات و، تووشی لەرینەوە " هزە" ببێت، هۆی ئەمەش خوێنەر ئەتوانێت بەشێکی وەڵامەکەی لای سەرەوە وەرگرتبێت و، بەشەکەی دیکەش لەم تەوەرانەی خوارەوەدا، شی ئەکەینەوە:

### ٢-١. جیوپۆڵەتیکی تورکیا و فەتحکردنی دەوروبەر

کارل هاوسهۆڤەر، سەرۆکی پەیمانگەی میونخ بۆ جیۆپۆلەتیکا، وای ئەبینێت جیۆپۆلەتیك پەیوەندییە لە نێوان زەوی یان زەمینەیەك کە سیاسەت دوانگەو ئیلهام لەوەوە وەرئەگرێت..بۆ نمونە زەمینەی ئیسرائیل و هەڵکەوتنی شوێنەکەی سەرچاوەی ئەو سیاسەت و مامەڵەیە کە ناوەندی بڕیاری ئیسرائیل دای ئەڕێژێت..

لەسیاسەتی دەرەوەدا، دوو فاکتەر ڕەچاو ئەکرێت، یەکێکیان " فاکتەری نەگۆڕ" ئەوەکەی تریش " فاکتەری گۆڕاو"..جیۆپۆڵەتیك فاکتەرێکە گۆڕاوەو،

قابیلیەتی گۆڕان و گەشەسەندن یان جولانی هەیە. بۆنمونە جیۆپۆلەتیکی توركیا لەسەردەمی خەلافەتی عوسمانی دا جیاوازە لە دوای دامەزراندنی كۆماری توركیا لە ١٩٢٣..جیۆپۆلەتیكی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست پێش سایكس پیكۆ ١٩١٦ جیاوازە لەدوای سایكس پیكۆ و پەیمانی بەلفۆر ١٩١٧..لقەكانی ئەم زانستە جوگرافیاو بەرزی و نزمی و كەشوهەوا ئەیگرێتەوە بۆ ژمارەی دانیشتوان و...تاد..لێرەدا ئیشی ئێمە شیكردنەوەو جیاوازی كردن نییە لە نێوان چەمكەكانی " جیۆپۆلەتیك" و " جیۆستراتیجی " و " جوگرافیای سیاسی" دا..ئەوە نەبێت كە بلێین هەلكەوتەو ئەو ژینگە جوگرافییە سیاسیەی توركیای تیا دەركەوتووە، لەبەر ئەم خالانەی لای خوارەوە، وای كردووە كە توركیا ببێتە حالەتێكی شاز لەناو بابەتی پەیوەندییە نێودەولەتیەكاندا:

- هەلكەوتنی توركیا لەنێوان ئاسیاو ئەوروپا، ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوادا.
- توركیا ئەكەوێتە چەق و خالی یەكتربڕینی ململانێی مێژوویی- سیاسیی- هزریی. جەمسەرە گەورەكانی دونیا،وەكو جەنگی سارد، پەیمانی بەغدا ١٩٥٦، سەرهەلدانی بەعسیزم و كۆمۆنیزم لە ڕۆژهەلات، سەرهەلدانی تیرۆریزم..
- توركیا بۆتە تەرمینالێكی جیهانی، هەموو جیهان لە تاران و تەلئەبیب و قاهیرەو مۆسكۆ نین، بەلام هەموو جیهان لە فڕۆكەخانەی ئەتاتۆرك لە ئیستانبولدا ئەبینیت.
- توركیا بۆتە ئەكسیس " تێپەڕگە-معبر"ی ووزە، ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە بۆری نابۆكۆ بۆ گواستنەوەی غازی سروشتی لە ناوەڕاستی ئاسیاوە بۆ ناوەڕاستی ئەوروپا..هەروەها گواستنەوەی ووزە لە هەرێمی كوردوستانەوە بۆ دەریای سپی ناوەڕاست..
- توركیای تاكە وولاتی ئیسلامی یە خاوەنی زۆرترین ڕێژەی دانیشتوانی موسلمانن، كە عەرەب نین و، ئەندامێكی كاران لە ناتۆ.

- ململانێی مەزهەبی و مێژوویی لەگەڵ ئێران و، سیاسیی و جوگرافی لەگەڵ سوریای دراوسێی.

- تورکیا ئەکەوێتە سەر دوو گەورەترین و ستراتیژیترین دەریا لەجیهان، لە باکوری خۆرهەڵاتەوە دەریای ڕەش و، لە ڕۆژئاواشیەوە دەریای ناوەڕاست کە ئەم دەریایە ٣ سێ کیشوەری ئاسیاو ئەفریکاو ئەوروپا ئەکەونە سەری..ئەوسا سێ دەریاچەو تەنگەبەری ئاویی بەناوەڕاستی تورکیا دا تێئەپەڕن مەڕمەڕەو بۆسفۆڕ و دەردەنیل..کە دەریای ڕەش ئەگەیەنن بە دەریای ناوەڕاست.

- ململانێی ئیتنی و مەزهەبی و نەتەوەیی لە دانیشتوانی ژێر دەستەڵاتی تورکیا، ئەمە یەك لەو هۆکارانە بوو کە بووە هۆی شکست پێهێنانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و، نەیتوانی کۆنترۆڵی بکات، وەکو : تورك و کوردو عەلەوییەت و ئەرمەنی و جولەکەو موسڵمان و ئاشوریی.

- کێشەی قوبرس لە ڕۆژهەڵاتی دەریای سپی ناوەڕاست، گەورەترین کێشەی دەرەکی تورکیای سەردەمە. کە حکومەتی ئاکپارتی نەیتوانیوە هەنگاوێکی وا بۆ چارەسەرکردنی بهاوێژێت. بەهۆی دۆزینەوەو گەڕان و هەناردەکردنی ووزەوە لە قوبرسی باشور قوبرسی یۆنانی دوور نییە ئەم کێشەیە گەورەتر ببێتەوە.

- کۆمەڵگەی تورکی، کۆمەڵگەیەکی تەواو ئاڵۆزە، شارەکانی : کۆنیا لە ئیستانبوڵ ناچێت، ناسنانەی ئامەد لە هی ئیزمیر جیاوازە، ترابزۆن لە ئەنقەرەو....تادوایی..واتە قەیرانی نەبونی ناسنامەیەکی دیاریکراو بەشێکی گەورەی گرفتەکانی سیاسەتی دەرەوەی تورکیایە. ئێمە چۆن لە تورکیا بڕوانین؟. ئیسلامی ؟ سیکۆلار؟ مەسەلەی کورد؟ کێشەی ئەرمەنییەکان؟. مۆدێرن؟. ئیسلامی توندڕەو و فەندامێنتاڵیسمی ئیسلامی وەکو حزبوڵڵای تورکی یاخود وەك گویلەنیزم- ئیسلامی کۆمەڵایەتی.؟. یان وەك پانتاییەك لەسەرکەوتنی ئیسلامی سیاسیی میانەڕەو- ئاکپارتی؟. کۆمەڵگەیەکی دیموکرات یان سەرلێشێواو ؟. چەپی ڕاسیزم جەهەپە یان چی؟.

**٢-٢. داکشان و کورتهێنانی سیاسەتی ئاکپارتی ٢٠١٠- بۆ ئایاری ٢٠١٦**

وەکو گوتمان، ئێمە سەرەتای داکشانی سیاسەتی ئاکپارتی ئەگەڕێنینەوە بۆ ساڵی ٢٠١٠ . بگرە ئەم تەراکوماتانە ئەشگێڕینەوە بۆ ٢٩ی کانونی دووەمی ٢٠٠٩ لە مونتەدای ئابوریی جیهانی داڤۆس لە سویسرا "ئەردۆگان دوای تەواوبونی قسەکانی کاغەزەکانی بەڕووی "شیمۆن پیرێز" ی سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیلدا فڕێدا. **ئەردۆگان** ڕوویکردە پیرێز و گوتی :

" بەڕێز...تۆ بەتەمەن لە من گەورەتری، واهەستەکەم کە تۆ کەمێك هەست بە تاوان بکەیت، ڕەنگە بۆیە کەمێك توند بویت، من ئەو مناڵانەم بیردێتەوە کە لەکەنار دەریا کوژران، ووتەی سەرۆك وەزیرانی وولاتەکەتانم دێتەوە یاد کە گوتی ئێمە لەسیاسەتی خۆمان ڕازین ، بێگومان هەردوکتان هەست بە ڕازی بون ئەکەن کە بەتانك هێرش بۆ سەر فەلەستینیەکان ئەکەن...من هەست بە خەمباری ئەکەم کاتێك خەڵك چەپڵە بۆ قسەکانت لێئەدەن، چونکە خەڵکێکی زۆر کوژران، پێموایە کارێکی هەڵەو نامرۆییە، کە خەڵك چەپڵە بۆ کارێك لێبدەن ئەو جۆرە ئەنجامانەی هەبوبێت"[١٨]

بەرەبەیانی ٣١/٥/٢٠١٠: بەیەکداکێشانێکی دوژمنکاریی خوێناوی لەنێوان ئیسرائیل و تورکیا ڕوویدا. بووە هۆی کوشتنی ٩ نۆ کەسی مەدەنی تورك و برینداربونی دەیان کەسی تر و، دەستبەسەراگرتنی ئەو کەشتیە گەورەیەی تورکیا وەك هاوکاری مرۆیی ڕەوانەی کردبو بۆ کەرتی غەززە. ئەو یەکەمین جارە لە دوای جەنگی جیهانی یەکەمەوە دەوڵەتێکی بێگانە، بتوانێت هاونیشتمانی تورکی بکوژێت..لێکەوتە خراپەکانی ئەم ناکۆکییەی نێوان تورکیاو ئیسرائیل، ئەوەندە بە قورسی لەسەر حکومەتی ئاکپارتی و تورکیا کەوتن، کە پێدەچێت تاهەتایە بەهۆی بیروبۆچونەکانی داود ئۆغلو بەرانبەر جولەکە لە کتێبی "قوولایی ستراتیژی" و هەروەها سەرکەشییەکانی

ئەردۆگانەوە، نەگەڕێتەوە ئاستی پێشوتری خۆی، پەیوەندیی نێوان ئەم دوو وڵاتە کە لە ١٩٤٨ەوە دەستی پێکردووەو، لە کۆتایی نەوەدەکاندا گەیشتە ئەوپەڕی ئاستی ستراتیژی و توندوتۆڵی...، وتارێکی ئاگرینی لەبەردەم پەرلەمانی تورکیا لە ٢٠١٠/٦/١ لە دژی ڕەفتارەکانی ئیسرائیل دا گوتی "هاوڕێیەتی لەگەڵ تورکیا چەند بەهێز بو، دوژمنایەتیش ئەوەندە بەهێز ئەبێت"[١٩].

ئیسرائیل لەنەوەدەکانەوە، یەکەمین سەرچاوەی تەکنیکی و سەربازیی تورکیا بووە، بە دەیان ملیار دۆلار، تێچووی تازەکردنەوەی دەبابەی تورکی بووە لەلایەن ئیسرائیلەوە، یەکەم فرۆشی فڕۆکەی فانتۆم بووە بە تورکیا..تەنها کۆی ئاڵوگۆڕی بازرگانی نێوان هەردولا لەو چرکەساتەی پەیوەندییەکان تێکچوو ٣,٤٣٩ سێ ملیارو چوارسەت و سی و نۆ ملیۆن دۆلار بووە..دوای ٥ ساڵ لە بێدەنگی و کپی ئەم دوو دەوڵەتە کە سنوری ئاوییان هەیە، لە ٢٠١٥ دا دەیان جار و لەچەندین بۆنەدا ئەردۆگان جەختی لەوە کردۆتەوە " ئێمەو ئیسرائیل پێویستمان بەیەکە".. " دەرگامان کراوەیە بۆ ئیسرائیل".. "پێویستمان بە ئیسرائیلە"..چونکە تاهەنووکەش سیاسەتی ئەمریکا لە ڕۆژهەلاتدا، بریتی یە لە پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئیسرائیل. کاتێك ڕووداوی کەشتی مەڕمەڕەش ڕوویدا، ڕاستەوخۆ وەزارەتی دەرەوەو بەرگریی ئەمریکا پاڵپشتی ئیسرائیلیان کرد.. وەك کاردانەوەیەك داود ئۆغلۆ سەردانی ئێرانی کردو، خواستی نیشان ئەدا کە ئێران و بەرازیل بەیەك بگەیەنێت، بۆچی؟. بۆ ئەوەی پێکەوە ئیش لەسەر بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆم بکەن !!.

ئێرە، سەرەتای توڕەبونی ئەمریکایە لە تورکیا، نەك ئەو ڕۆژانەی جەندرمەکانی ئەردۆگان لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی ٢٠١٥ بەشەق و بۆکس بەربونە گیانی ڕۆژنامەنووسە خۆرئاواییەکان و، پەلاماری " نیۆرك تایمز" ی ئەمریکیان ئەدا..ئەمە سەرەتای بەتاڵبونەوەی ئەو دیموکراسیەتەیە کە

له ۲۰۰۲ ەوە ئاكپارتی فووی تێ ئەكرد، وەك نیاز نیشاندانێك بۆ ئامادەگی بوون بە ئەندام لە یەكێتیی ئەوروپا..

۲-۲-۱. لێكەوتەكانی بەهاری عەرەبی لەسەر توركیا

دروشمی سەرەكی ئاكپارتی لەستراتیجەكەیاندا بریتی بو لە " توركیایەكی نوێ و، ئابوورییەكی بەهێز تا ساڵی ۲۰۲۰" . بۆ ئەم مەبەستەش لەسەرەتاوە سیاسەتی سفركردنەوەی كێشەكانیZero Problem ڕاگەیاند، هەر بەمەشەوە ئەم سیاسەتە سەركەوتوانەیە نەوەستا، بەڵكو كەسێتی " داود ئۆغلۆ" وەزیری پێشووی توركیا، وا بەرجەستە بوبو، كە " وەساتەت-Mediation" ی ئەكرد لە جیهاندا، بۆ نمونە: نێوەندگیریی نێوان جۆرجیاو ئۆسیتای باشور، نێوەندنگیریی عەرەب-ئیسرائیل، نێوەندگیریی ناكۆكیەكانی سوریاو ئیسرائیل یشی دەست دابویە. تەنانەت " ئەردۆگان" ئەو ڕۆژانە نزیكترین هاوڕێی " بەشار ئەسەد" و " عومەر بەشیر" بو.

هەروەكو ئیسرائیل ساڵی ۲۰۰۷ لە نزیك "دێرە زور" گورزێكی لە پێگەی " كوپەری سوری" وەشاند. كە بەسەر زەمینی خاكی توركیادا تێپەر بو بو. ئەمەش توركیای خستە بەردەم هەڵوێستێكی پڕ لە ئیحراجی و ڕوو زەردی لەلای سوریاو جیهانەوە، ڕای ناوخۆیی توركیاشی بە شێوەیەكی خراپ لەدژی حكومەتی دادوگەشەپێدان جوڵاند[۲۰]. تا ئەهات بەبۆنەی سووربونی ئەردۆگان لە هاوكاری كردنی فەلەستینیەكان و كەرتی غەززەدا، پەیوەندییەكانی توركیاو ئیسرائیل گرژ ئەبون ، توركیا لەساڵی ۲۰۰۹ ڕایگەیاند، واز لە نێوەندگیریی كردنی نێوان " سوریا- ئیسرائیل" ئەهێنێت..دەرەنجام پەیوەندیی توركیا لەگەڵ دوو وڵاتی دراوسێی گرنگ ڕووەو كزبونە..

زۆری نەبرد، لەكۆتایی ۲۰۱۰ دا، بەهاری عەرەبی و شۆڕش لە وڵاتانی ئیسلامی سەریهەڵدا، ئەمەش دوور و نزیك لە حیساباتی سیاسەتی دەرەوەی توركیادا وەكو ئەگەر، بژاردە بیری لێنەكرابۆیەوە، توركیا كەوتە بەردەم

هەڵوێست و بڕیاری ئیحراج و بێ سەروبەر.. دەرەنجامەکەی تورکیا پاڵپشتی ئیخوان و موحەمەد مورسی کرد، کەوت. باری میسر گۆڕاو،" عەبدولفەتاح سیسی" وەك سەرۆکی میسر هات و، "ئەردۆگان" ی بەسەرچاوەی فیتنەیەکی گەورە ناوزەد کرد..ئینجا ئاگری شۆڕش گەیشتە سوریاو، بەهۆی دەستوەردانەکانی تورکیا لە سوریا "ئەردۆگان" و ئاکپارتی بوون بە ناوی یەکەم لە لیستی دوژمنەکانی سوریادا، ئەوسا بزوتنەوەی کوردی بەڕێبەرایەتی " پەیەدە" پەرەی سەند لەباکوری سوریاو ناوچە سنورییەکانی تورکیا، بەهۆی دەستوەردان و هاتنی ڕاستەوخۆی ئێران و ڕووسیاوە بۆ سوریا..ڕاستەوخۆ تا ئاستی بەیەکدادانی سەربازی و ئاسمانی ڕووسیاو ئێرانیش بوون بە ناحەزێکی گەورەی تورکیاو ئەردۆگان. ئینجا شەڕ لە ئۆکراین و ناوچەی قرم سەریهەڵدا، دیسان تورکیا هیچ ڕۆڵێکی پێ نەگێڕدراو، ناتۆش لەهەموو ئەمانەدا پاڵپشتی تورکیای نەکرد..پاشان " قۆناغی ئاشتی" لەگەڵ پەکەکە تێکچوو، شەڕ لە باشوری تورکیاو ناوچەکانی تر لەنێوان سەرباز و گەریلادا دەستی پێکردەوە..ئەوە بێجگە لە خۆپیشاندانەکانی " پارکی گازی" لە تورکیا.

هێشتا کێشەی قوبرس چارەسەر نەکراوە، یۆنان و ئەڵمانیاش، دژی هەموو جوڵانەوەو خواستێکی تورکیان بەرانبەر ئەوروپا، شان بەشانی هەموو ئەم ڕووداوانە، میدیا بەناوبانگەکانی جیهان، ڕۆژانە بە نیگەتیڤ لەمامەڵەو سیاسەت و کاردانەوەکانی حکومەتی تورکیا لەسەردەستی " ئەردۆگان" ئەخوێنن..تەواو ئەم سیستمە تورکیەیەیان وەڕس و شەکەت کردووە، ئەردۆگانیش بەدەم خەونی سوڵتانییەوە ئەیگوت "پێش کۆڵۆمبۆس موسڵمانان ئەمریکایان دۆزیوەتەوە"!!.

### ٢-٢-٢. دەست لەکارکێشانەوەی داود ئۆغلۆ

دوای ئەو قۆناغە سەختەی کە حزبی دادوگەشەپێدان پیایدا گوزەری کرد، شکستی یەکەمی پارتی فەرمانڕەوا لە هەڵبژاردنە نێوخۆییەکانی ١٥ی

حوزەیرانی ٢٠١٥ لە تورکیادا، کێشەکانی نێوان سەرەکوەزیران" داود ئۆغلۆ" و " ئەردۆگان" ی سەرۆك کۆمار و کەسی یەکەمی ئاکپارتی، قووڵتر بۆیەوە. جیاوازییە دەرنەبڕاوەکانی نێوان ئەردۆگان و ئۆغلۆ زیاتری ئەکرد. بەتایبەتی ناکۆکییان هەبوو لەسەر گۆڕینی سیستەمی وولات بۆ سەرۆکایەتی. حزبی دادوگەشەپێدانیش حزبی خودی ئەردۆگانە، نەك هەر لەبەرئەوەی خۆی بناغەدارڕێژەرێتی، لەبەرئەوەی لە کۆنگرەی حزب دا، ئەندامانی کۆنگرە هەمان ئەو ئەندامانەن کە لە کۆنگرەکانی پێشوودا دەنگیان داوە..

ئۆغلۆ،لە رۆژی ٥ی ئایاری ٢٠١٦ دەستی لە پۆستی سەرۆکایەتی حکومەت و حزبیش کێشایەوە. ئەردۆگانیش بۆ ئەمە گوتی " دوو شۆفێر لە ئۆتۆمبیلێکدا نابێت"!.

داود ئۆغلۆی وەزیری دەرەوەی تورکیا هاوشێوەی "هنری کیسنجەری" وەزیری دەرەوەی پێشوی ئەمریکا،کاری گرنگی کردووە بۆ نێوەندگیری لایەنەکانی دەرەوەی وڵاتەکەی،بەشێکی گرنگی سیاسەت و ئەجێندای کاری ئەم دوو کەسایەتیە سیاسیە،وەساتەتکردن بووە لەنێوان ئەلف و باو سین وجیمەکانی دەرەوەی خۆیان. بۆیە زۆر شتی یان لێك دەچێت، بۆنمونە:هەردووکیان وانەی پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکانیان خوێندووەو تایبەتمەندییان لەوبوارە هەیە، وە هەردوکیان ئۆغلۆ و کیسنجەر لەپێناو ئاشتی دا کاریان لەسەر دانوستانی عەرەب-ئیسرائیل کردووە، هەردوکیان وەزیری دەرەوە بونە، وە هەردوکیشیان لەپەنجا ساڵی تەمەنیان بون بەوەزیری دەرەوەی وڵاتەکانیان کیسنجەر لە ١٩٢٣ لەدایك بوەو لە ١٩٧٣ بوە بەوەزیری دەرەوەی ئەمریکا،ئۆغلۆش لە ١٩٥٩ لەدایك بوەو لە ٢٠٠٩ بوە بەوەزیری دەرەوە.

ئەگەر بەووردی دیققەت بدەین، ئەم شتانە بیانویەك نابن بۆئەوەی هەردووکیان لەیەك بچن، هنری کیسنجەر ڕۆڵی بنەڕەتی لەململانێی عەرەب و ئیسرائیل لەحەفتاکانی سەدەی بیست بینی، لەسەر سیاسەتی هەنگاو...

هەنگاوی ئەمریکی بە قازانجی ئیسرائیل لەسەر حیسابی عەرەبەکان. بەڵام ئۆغلۆ لەسەر بنەمای نەگۆڕی شارستانیەت سەرچاوەی هێزە بۆ دەوڵەت نێوەندگیری عەرەب و ئیسرائیلیەکانی کرد. هەرلەسەر ئەم تێزەش وەساتەتی نێوان سوریا-ئیسرائیل و فەلەستین – ئیسرائیل ی کرد. بۆیە دەبینین لوتکەو لوبی سیاسەت و بیردۆزەکەی ئۆغلۆ ئەوەیە کە: **"ئێمە هێزی ڕاستەقینەو بنچینەیی بناسین، وەهێزی ئەمری واقیع دیفاکتۆش بناسین .ئینجا هاوسەنگی لەنێوان ئەم دوو هێزە ڕابگرین ."** لەکاتێکدا کیسنجەر سەرسامە بە تیۆری پێکداکێشانی شارستانیەتەکان کە سامویڵ هۆنتگتن پێشکەشی کردووە، وەپاڵپشتی نەزەریەی کۆتایی مێژووە، کە فرانسیس فۆکۆیما دای ناوەو لایوایە، لیبراڵیزم قوفڵی مێژووی داوە.وەلەگەڵ تیۆریی پاشا گەردانیی داهێنەرانە کە بوشی کوڕ پەیڕەوی دەکا،ئەمەش ئۆغلۆ بەتەواوی لەدژی دەوەستێت.

**سەرئە نجام**

یەکەم: لە ڕووی ستراکچەری نێوخۆیی تورکیاوە

ڕاستە بەپێی ستانداردی نێودەوڵەتی تورکیا، دەوڵەتێکی دیموکراسییە، بەڵام سیاسەتی ١٦ ساڵەی ڕابردووی ئاکپارتی بەسەرکردایەتی ئەردۆگان، دەریخست تورکیا وڵاتێکی موئەسەساتی نییە، بەڵکو لەسەر میزاجی کاراکتەرە باڵاکان و ئیسلامی سیاسیی ئەچێت بەڕێوە، یانی " خۆم چیم بوێ ئەوە ئەکەم"!.

تازە لە ئایاری ٢٠١٦ ئەردۆگان ئەڵێت: ئێمە ئایندەی تورکیامان لەسەر ٤ بنەمای سەرەکی" یەك نەتەوە، یەك ئاڵا، یەك خاك، یەك دەوڵەت" دارشتووەو بەهیچ شێوەیەکیش سازشی لەسەر ناکەین، وتیشی ئێمە ئاڵایەکمان هەیە ڕەنگی سوورە، واتە خوێن!. بڕوانە یوتیوب :

.https://www.youtube.com/watch?v=v7XFgfvoQFo

لەم سۆنگەیەوە ئەم سیناریۆیانەی لای خوارەوە چاوەڕێی ئەردۆگان ئەکات:

* کودەتای حزبی لە ٢٢ی ئایاری ٢٠١٦ دا هەڵبژاردن ئەکرێت ، کودەتای جەماوەریی لەڕێگەی دەرەکییەوە جموجوڵی جەماوەریی دروست بکرێت لەناو تورکیادا، دواتر ئەردۆگان کۆمەڵکوژییەك بکات و، کۆی قەیرانەکان لەمەدا کورت ببێتەوە ، کودەتای سەربازیی توندبونی ئەردۆگان لە ڕابردودا سەبارەت بە شەڕ دژی پەکەکە و، مرونەتی داود ئۆغلۆ لەترسی تورەبون و قبوڵنەکردنی سوپا بوو ..

* ڕێککەوتنی جەهەپەو مەهەپە بۆ زاڵبون یاخود سنوردانان بۆ سیاسەتەکانی ئاکپارتی.بەتایبەتی دەنگی جەهەپەو مەهەپە لەدوایین هەڵبژاردندا کەمیکردووە..پەنا بۆ ڕێککەوتن ئەبەن،،،،،هەوڵدان بۆ درێژبونەوەی قەیرانەکان تا هەڵبژاردنی شارەوانییەکان و پارێزگاکان..

**دوو: لە ڕووی هاوپەیمانی نێو-دەوڵەتییەوە**

ئەلف: لەڕووی تیۆرییەوە، پێگەی تورکیا گرنگیەکی بێوێنەی هەیەو، هی ئەوە نییە ئەم هەڵکەوتە ستراتیجیە فەرامۆش بکرێت لەلایەن هیچ یەکەو هێزێکی جیهانییەوە..

ب: لە ڕووی پراکتیکییەوە، سیاسەتی نێوخۆیی و دەرەکی تورکیا، هەرکات قابیلی گۆڕانکاری و هاوسەنگی تازەیە. لەناکاو گەشەسەندنی پێش چاو و خێرا، لەپڕ داکشان و نزمبونەوە.

## سەرچاوەو پەراوێزەکان:


[1]Davutoğlu, A. 2010: ***Strategic Depth: Turkey's role in the international arena.*** Al Jazeera Centre for Studies. Qatar. P.208.

[2] Sumer, F. 2013. **Turkeys Changing Foreign Policy and the Arab Spring**.*The Public Sector Innovation Journal.*18 1, American University of Iraq- Sulaimani.Article 8.P.6.

٣. ريز لطيف صادق ٢٠١١: العلاقات الامريكية- التركية: في ظل عهد حزب العدالة والتنمية ٢٠٠٣-٢٠١١. جامعة الشرق الاوسط. اردن. ص ٤١.

[4]Balci, A. kardeş,T 2012. ***The Changing Dynamics of Turkey's Relations with Israel***: An Analysis of „Securitization, Insight Turkey Vol. 14 / No.P.111.

[5] Sumer, IBID. P.10.

[٦]. يسرى عبدالرؤوف يوسف الغول ٢٠١١ : اثر صعود حزب العدالة والتنمية التركي على العلاقات التركية- الاسرائيلية. جامعة الازهر-غزة. ص ٩٩-١٠٠.

[٧]هەمان سەرچاوە،ل٩٩.

[8] Stern& Ross. 2013. the Role of Syria in Israel -Turkish Relation, Political& Diplomacy, Georgetown Journal of International Affair, P.116

[9] Sumer, F 2013. Ibid. P.8.

[10]Aydin&Chakir. 2007. "**Political Islam in Turkey:** Center for European Policy Studies, Document NO.265, and website: **Website http://www.ceps.eu.**

[11]Balci, A. kardeş,T 2012. IBID. P. 101.

[12]Olson, Galen. 2013. **Normalizing Turkish - Israel Relation and the Possibilities for U.S Involvement**, Boston University, U.S. P.10.

١٣. يسرى عبدالرؤوف يوسف الغول ٢٠١١ . مصدر سابق. ص ١٠٩-١١٢.

14. Davutoğlu, A. 2010. IBID. P.634.

15. Balci, A. kardeş,T 2012.IBID. P.104.

١٦. جزيرة نت ٢٠١٤ : الازمة الاقتصادية التركية الاسباب والتوقعات. اعداد: اورخان محمد علي.
www.aljazeera.net/NR/exeres/53807D45-1809-4A87-A20F-F022CFDAFAE7.htm

١٧. سمر محمود محمد حسان ٢٠١٢: الدور التنموي التركي في الأراضي الفلسطينية المحتلة في ظل حكومة حزب العدالة والتنمية ٢٠١٠-٢٠٠٢. جامعة النجاح الوطنية. نابلس، فلسطين. ص ٤٦-٤٧.

18. Brackman, H. 2011: From Ally to Nemesis: How Erdoğan's Islamists Hijacked Atatürk's Nation and Put It on A Collision Course with Israel and the U.S. Simon Wiesenthal Center. P.4.

١٩. التقرير الاستراتيجي الفلسطيني لسنة ٢٠١٠. مركز الزيتونة للدراسات. ص ١٧٣-١٧٥.

٢٠. بی بی سی ٢٨/٦/٢٠١٠:
http://www.bbc.com/arabic/middleeast/100628/06/2010_turkey_israel_ban.shtml